# الباقيات الصالحات ) بريتيه له : ( لَا إِلَّهَ إِلَّا اللَّهُ وَسُبْحَانَ اللَّهِ، وَاَللَّهُ أَكْبَرُ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاَللَّهِ )

له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «(الباقيات الصالحات)* (بريتيه له) : (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَسُبْحَانَ اللَّهِ، وَاَللَّهُ أَكْبَرُ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاَللَّهِ)**». *(الباقيات الصالحات: ئەو زیکرانەن کە چاکە وپاداشتیان دەمێننەوە وبەردەوام دەبێت وهەرگیز لەناو ناچێت) ، **(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، واته: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. سُبْحَانَ اللَّهِ، واته: پاک وبێگەری بۆ خودا. اَللَّهُ أَكْبَرُ، واته: خودا لە هەموو کەس وشتێک گەورەترە. الْحَمْدُ لِلَّهِ، واتا: حەمد وئەوپەڕی سوپاس بۆ خودا. لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاَللَّهِ، واته: هیچ هێز وتوانایەکمان مەگەر ئەو هێز وتوانایەی خودا پێمانی دەبەخشێت)

[صەحیحە بە شەواهیدەکانیەوە] [ئیبنو حيبان گێڕاویەتیەوە - حاکم گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی ئەم زیکرە بەم شێوەیەی کە هاتووە، چونکە مانای زۆری پاک وبێگەری خودا وبە پیرۆزدانان وبە مەزندانانی ئەو زاتەی تێدایە -سبحانه وتعالى-، وسوپاسکردنی خودای تێدایە بۆیە بەندە هیچ ڕێگایەکی لە بەردەمدا نییە جگە لە سوپاسکردنی خودا نەبێت، وبەندە ناتوانێت هیچ توانایەکی هەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارێک مەگەر بە ویستی خوای گەورە نەبێت، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت شەڕ وزیان لەسەر خۆی لابدات وناتوانێت هیچ خێرێک بەدەست بهێنێت ئەگەر خوای گەورە یارمەتی نەدات وکاری بۆ ئاسان نەکات. ئەم وشانە بەم واتا مەزنانەوە؛ شوێنەوار وسوودەکانی بۆ ئیماندار دەمێنێت لە پاش مردنی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5477